Knowledge Press نۆڵج پرێس
بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری مانگانەیە سەرۆکایەتی زانکۆی نۆڵج دەریدەکات
سالّی یەکەم، بەرگی (١)، ژمارە (٥)، کانوونی دووەم ٢٠٢٥ https://www.knu.edu.iq
خاوەنی ئیمتیاز: پ.د.ئەحمەد دزەیی سەرنوسەر: د. مەحەمەد عەزیز سەعید

# فێربوون (خوێندن) لە دوورەوە Distance Learning

**پ.ی.د. محمد عزيز سعيد**
**بەڕێوەبەری کاروباری زانستی و توێژینەوە**
**زانکۆی نۆڵج-هەولێر**
**٢٠٢٥\١\٢٧**

**فێربوون و خوێندن لە دوورەوە** واتا Distance learning شێوازێکی فێربوون و خوێندنی تازەیە. بنەمای سەرەکی ئەم جۆرە خوێندنە بریتیە لەوەی کە قوتابی ڕۆژانە ناچێتە قوتابخانە و زانکۆ و مامۆستا نابینێ. بریتیە لە گواستنەوەی زانیاری و پڕۆگرامی خوێندن بۆ شوێنی جیاواز لە دوورەوە. واتا هاندانی قوتابیان کە ناتوانن لە بەر هەر هۆیەك ڕۆژانە دەوام بکەن بەتایبەتی ئەوانەی نمرەکانیان نزمە یان بە تەمەنن و هەلی خوێندنی ئاساییان لە دەست داوە. ئەمڕۆ کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت بە ئاماری سەرەکی ئەم جۆرە خوێندنە دادەنرێ.



شێوازی فێربوون لە دوورەوە لە سەرەتای هەفتاکان سەری هەڵ داو لە هەندێ زانکۆی ئەورووپی و ئەمەریکی دەستی پێکرد ئەویش بە ناردنی کتێب و شریتی کاسێتی تۆمار کراو و ڤیدیۆ و بابەتەکانی خوێندن لە ڕێگای پۆستەوە بۆ قوتابیان و قوتابیانیش کۆشش و خوێندنەکانیان بە هەمان شێوە لە ڕێگای پۆستەوە دەناردەوە بۆ زانکۆکانیان. تاکە مەرجی زانکۆکان ئەوەبوو کە قوتابی دەبوایە کۆتایی ساڵ بێت بۆ زانکۆ بۆ مەبەستی ئەنجامدانی تاقی کردنەوەکانی کۆتایی ساڵ و وەرگرتنی بڕوانامە.

Knowledge press is a monthly cultural bulletin issued by the president office of Knowledge University-Erbil.
Email to: international.relations@knu.edu.iq. ناونیشان: ڕێگای کرکوک تەنیشت شووقەکانی ئاسوودە سیتی

ئەم شێوازە فێربوونە بە خێرایی بەرەوە پێش چوو وە لە هەشتاکان تەلەفزیون و کابل بەکار هێنراو لە نەوەتەکان پەیدا بوونی ئینتەرنێت و کۆمیوتەر ئەم پرۆسەیەی زۆر بەرەو پێش برد. تۆڕی هەواڵی بەریتانی ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە سەرکەوتنی و پۆستی ئەلیکترونی email شوێنی پۆستی ئاسایی گرتەوە.

لەسەرەتای ساڵی 2000 گەلێ شوێن و ماڵپەڕ پەیدا بوون و دەستیان کرد بە پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری فێربوون لە دوورەوە بە شێوەیەگی دروست و پڕ لە زانست. ئێستاکە قوتابی دەتوانی لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە هەموو جۆرە پەیوەندییەك بكات بە ماموٚستاکان و قوتابیەکانی هاوڕێ و بچێتە ناو کتابخانەی ئەلیکترۆنی بە بێ ئەوەی خۆی بەکردار بچێتە زانکۆ و خوێندنگا. تەنانەت قوتابی دەتوا نی هاوبەشی بکات لەکاتی تاووتوێ کردنی بابەتەکان.



**ئامانجەکانی فێربوون لە دوورەوە:** فێربوون و خوێندن لە دوورەوە گەلێ ئامانج پێ دەکا گرنگەکانیان

1- بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ئەکادیمی و ڕۆشنبیری تاکەکانی کۆمەڵگا.
2- پڕکردنەوەی بۆشایی کەمی ماموٚستاو ڕاهێنەرانی لێ هاتوو لە هەندێ بواری پێویست.
3- هەوڵدان بۆ دابین کردنی سەرچاوەی جیاوازی فێربوون بۆ مەبەستی کەمکردنەوەی جیاوازی تاکەکەسی نێوان ڕاهێنەران
4- پاڵپشتی کردنی دەزگاکانی فێرکردن و ڕاهێنان بە دابین کردنی هۆکارەکانی فێرکردنی مودێرن.

## خەسڵەتەکانی فێربوون لە دوورەوە:

1- پێویست نەبوون بە هۆڵی خوێندن و خوێندنگا
2- توانای بەشداربوون لە خولەکانی کورت خایەن و پێشکەوتوو بە بێ ئەوەی قوتابی بچێتە هۆڵی خوێندن.
3- بەدی هێنانی هەل بۆ ئەوانەی کاردەکەن و پێویستیان بە ئیش کردنە.

## لایەنە نێگێتیڤەکانی فێربوون لە دوورەوە:

1- تێچووی دارایی بەرز لە سەرەتای دەست پێکردن ئەمەش بەهۆی دانانی سیستەمی تەواوی ئەلیکترونی بۆ قوتابی
2- نزمی ئارەزوو لە لای قوتابیان بۆ ئەم جۆرە خوێندنە
3- نەبوونی هاندەر بە ئامادەنەبوونی ڕۆژانەی قوتابی و نەبینینی مامۆستاکان و قوتابیە هاوڕێ کان
4- دانەمەزراندنی دەرچوانی ئەم جۆرە خوێندنە لە دام و دەزگاکانی دەوڵەت
5- شارەزا نەبوونی کۆمەڵگا بەم جۆرە خوێندن و فێربوونە
6- نەسەلماندن و هەڵ نەسەنگاندی وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ ئەم جۆرە بروانامانە.



لێرەدا ئیمە لەم کات وساتەی هەرێمی کوردستان کەبە قۆناغێکی هەستیاردا تێ دەبەڕێ و نالەباری باری ئابووری کۆمەڵانی کوردستان فێربوون و خوێندن لە دوورەوە واتا لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە بە هەلێکی گونجاو هەنووکەیی دەزانین. لە بەر ئەم هۆیانەی خوارەوە

1- قوتابی لە شارو شارۆچکەکانەوە توانای هاتنی بۆ زانکۆ کەمە لەبەر نالەباری ئابووری خێزانەکەی
2- ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە قوتابیان ئارەزووی خوێندنیان هەیە بەلاٌم نمرەکەی بەربەستە
3- توانای وەرگرتنی زانکۆکانی کوردوستان سنووردارە و جێ ی هەمووان نابێتەوە.
4- زۆر لە قوتابیان ڕۆژانە پێویستی بە کارکردن هەیە بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانی خۆی و کەسوکاری
5- زانکۆکان پێویستیان بەم هەموو بەشەناوخۆییانە نابیت کە ئەرکێکی دارایی و کارگێڕی قورسی خستۆتە سەر دەوڵەت و قوتابی



بەبلاَو کردنەوەی ڕۆشنبیری خوێندن لە دوورەوە لە ناو کۆمەڵگا کە فێربوون و زانستی خوازی تەنها بۆ دامەزراندن نیە لە دەزگا حکومیەکان بەڵکو خوێندن و فێربوون بریتیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تاکەکان و ژیربوون و ئاسان کردنی وەدەست هێنانی هەلی کار لە بازاردا. خوێندن بە کۆرسات دەبێت وە لەسەر بنەمای پرۆسەی بۆلۆنای ئەوروپا. بە وەرگرتنی قوتابیانی بیانی بەم شێوازە لە زانکۆکانی کوردستان سەرچاوەیەکی ئابووری بۆزانکۆکان دابین دەکات و بە ئەرکێکی دارایی زۆر کەم.

خوێندن بە شێوازی فێربوون لە دوورەوە هەنگاوێگە بۆ بە نێودەوڵەت کردنی زانکۆکان کە ئێستا وەزارەتی خوێندنی بالاَ سەرقالێەتی بە هاوکاری پرۆگرامی ئیراسمۆس پلاَص  یەکیەتی ئەوروپا.

پێدانی هەلی خوێندن بەقوتابیانی کوردوستان و ئەوانەی تەمنایان زۆرە بۆ خوێندن بەم شێوازە لە زانکۆ ناودارەکانی جیهان گەڕانەوەی ئومێدو بوژانەوەی ژیانە. داوادەکەین وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی خوێندنی بالاَ ئەم بابەتە گرنگە دراسە بکات و سوود وەربگرین لە ئەزمونی زانکۆکان و وولاَتانی دۆستمان لەم بوارەدا و ئەم هەلە بڕەخسێنین بۆ کۆمەلاَنی خەڵکی کوردستان.

ئەو بڵاوکراوانە لە زانکۆی نۆلج دەردەچێ بە ئۆنلاین لەو لینکە بەردەستی خۆێنەرانە:
https://knu.edu.iq/knowledgePress

بانگەواز: داوا لە گشت مامۆستایان و فەرمانبەران و قوتابیان دەکەین بابەتی بڵاوکردنەوەیان بنێرن بۆمان بۆ ئەو ئیمێڵەی خوارەوە. بەمەرجێک لە ١٥ دێڕ زیاتر نەبێ و وێنەیەکی خۆتی لە گەڵ دابنێ.

Knowledge press is a monthly cultural bulletin issued by the president office of Knowledge University-Erbil.
Email to: international.relations@knu.edu.iq.          ناونیشان: ڕێگای کرکوک تەنیشت شووقەکانی ئاسوودە سیتی